# ئاڵای شۆڕش بڤەی ئەوساو تەتەی ئەمڕۆ!

**کەمال ڕەئوف**

لەبەشی دووەمی ئەوچاوپێکەوتنەی هاولاتی کە لەگەڵ کاك مەلابەختیاردا سازیداوە دەربارەی ئاڵای شۆڕش چەند پرسیارێکی ئاراستە دەکرێ و باس لەوە دەکرێ کە ئاڵای شۆڕش بەهاندانی پارتی لەدژی یەکێتی دروست بووبێت , هەرچەندە کاك بەختیار دروست وەڵامی ئەو پرسیارەو چەند پرسیاری تری لەو بابەتەی لەمەڕ ئاڵای شۆڕش دەداتەوە و وەفاو خۆشەیویستی خۆی بۆ کادرو هاوڕێکان و بەتایبەتی شەهیدەکانی ئاڵای شۆڕش دەربریوە, بەلاٚم لەهەمانکاتیشدا پێم وایە کە کاك بەختیار لەوەلاٚمەکانیدا ناهەقیش بە ئاڵای شۆڕش و بەهەندێك کادرو برادەرانی ئەو سەردەمەی خۆی دەکات, چونکە بەڕێزی لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئالاٚ هیچ باس ناکات جگە لەڕەتکردنەوەی ئەوەی کە ئالاٚ پرۆژەیەکی پارتی بووبێت, لەباسکردنی کادرو سەرکردایەتی ئاڵای شۆڕشیشدا وا باس دەکات کە هەموو کادرو هەڵسوراوەکانی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ خۆی چوونەتەوە ناو یەکێتی , کەلە ڕاستیدا وانەبووەو تاهەنوکەش زۆرێك لە کادرانی ئەوسای ئاڵای شۆڕش بەتایبەتی کادرانی ماملاوەندی ڕێکخراوەکە نەگەڕانەوە ناو یەکێتی و لەو پرۆسەیەدا بەشداریان نەکرد کە ئاڵای شوڕش و حیزبی زەحمەتکیشان یەکگرتنیان کردو دواتریش هەمان باڵ لەگەڵ یەکێتی یەکیان گرتەوە , دیارە لەو قسەیە من مەبەستم ئەوەنییە کە بڵێم ئاڵای شۆڕش وەك ڕێکخراو ماوە بەلاٚم دروستیش وایە کە باس هاتە سەر قسەکردن لە سەر مێژووی بزووتنەوەیەك کە کۆمەڵێك خەڵك تیایدا بەشداربوون و دەورو کاریگەریان هەبووە دەبێت نوقتە بخرێتە سەر حەرف و هەق بدرێ بە هەموولایەك.

سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش وەك کاك بەختیار باسی لێ کردوە دورو نزیك هیچ پەیوەندیەکی بەپارتیەوە نەبوو ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبێتم تائەوکاتەشی کە جیابوونەوەکە بەتەواوەتی ڕوویدا برادەرانی ئاڵای شۆڕش هێندەی لەڕووی سیاسی و فکریەوە خۆیان بەنزیکی یەکێتی ئەزانی هێندە خۆیان بە نزیکی پارتی نەدەزانی,(دیارە ئەمە لەسەرەتادا پێشئەوەی کە یەکێتی هێرشی چەکداری بکاتەسەر ئاڵای شۆڕش) ئەمە جگەلەوەی کە دروستبوون و جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش لە پرۆسەیەکدابووە کە پێشینەیەکی سیاسی و فکری هەبووە هەربۆیە ئاڵای شۆڕش خۆی بەهەڵگری سونەت و ئایدۆلۆژیەکی جیاواز دەزانی و دەیویست خاڵی وەرچەرخانبێت لەتەقلیدیەتی حیزبایەتی کوردی ئەوکاتە, بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا دژی ئەوەبوو کەببێتە بەشێك لەشەڕی خۆبەخۆو بەشێوەی توندوتیژی و چەك مەسەلەکان یەکلابکاتەوە هەر ئەمەش وای کرد کە جیابوونەوەکە بەجۆرێك بێت کە پێشتر لەنێو حیزبە کوردیەکاندا باونەبوو چونکە سەرکردایەتی کاتی ئەوکاتەی ئاڵای شۆڕش دوایی دانیشتن و ڕێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی ئەوکاتەی یەکێتی بەو ئەنجامە گەیشتن کەئاڵای شۆڕش وەك ڕێکخراوێکی سیاسی خۆی مەترەح بکات و بچێتە دەرەوە لە یەکێتی و جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیەنێت کە ئەمەش تارادەیەك شتێکی نوێ بوو لەبزووتنەوەی سیاسی و حیزبی کورددیدا. ئەوکاتە بۆ برادەرانی ئاڵای شۆڕش ئەو پێشنیارەی یەکێتی والێك دەدرایەوە کەسەرکردایەتی یەکێتی ڕێزی هاوخەباتی و هاوسەنگەری چەندساڵی ڕابردوو لێکدەداتەوەو نایانەوێت بەکێشمەکێش مەسەلەکان یەکلابکەنەوە, بۆیە برادەرانی ئاڵای شۆڕش سەرباری ئەوەی کە دەیانزانی کارێکی گەورەو کاریگەریان لەناو یەکێتیدا ئەنجامداوە بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕوایەدانەبوون کە یەکێتی هێرشی سەربازی بکاتە سەریان و بە ئاشکرا و بێ هیچ بەهانەیەك ئاوا زوو لە وادەو بەڵێنەکانیان پەشیمان ببنەوەو بە هێزی چەك دارو پەردووی ڕێکخراوەکە بدات بەسەر یەکداو سەرکردایەتیەکەشی بخزێنێتە زیندانەوە, هەربۆیە هیچ ئیحتیاتێکی سەربازیان نەکرد و نەشیان دەویست بەوهۆیەوە کەس تیابچێت دەنا پێشمەرگەکانی ئاڵای شۆڕش هەموویان کادر و پێشمەرگەی لێهاتو شارەزابوون و دەیان توانی بەشێوازێك لەشێوازەکان داکۆکی لەخۆ بکەن, بەلاٚم ئەوەی کە وایکرد پێکدادانی قورس لەنێوان یەکێتی و ئاڵای شۆڕشدا ڕوو نەدات ئەو دووخاڵەبوو کە یەکێکیان خۆشباوەری سیاسی سەرکردایەتی ئاڵای شورش بوو بەیەکێتی و ئەوی تریشیان بڕوانەبوون بوو بەشەڕکردن لەدژی یەکێتی و هەر هێزێکی تری

ئۆپۆزیسۆنی ئەوکاتە.

کاك بەختیار لە باسکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕشدا لەوێدا غەدری لەئاڵا کردوە کە ئەگەر بەکورتیش بێت ناچێتە سەر ووردەکارییەکان و تەنها ئەو ڕاستیە باس دەکات کە ئاڵای شۆڕش پرۆژەیەکی پارتی نەبووە لە دژی یەکێتی , ڕەنگە باسکردنی ووردەکاریەکانیش لەئێستادا بۆ بەرێزی توزێك قوس بێت, چونکە بەشێکی سەرەکی لەوکێشەو ململانێیە کە ئەوسا هەبوون و بوونە هۆی خێراکردنی پرۆسە وجیابوونەوەکەش ئێستاش لە ناو یەکێتیدا بەقوەتی خۆیانەوە ماون و چارەسەر نەکراون, دەنا دڵنیام کاك بەختیار لەهەموو کەس باشتر ووردەکاریەکانی لەبیرماوە.

لەڕاستیدا سەرهەڵدانی ئاڵای شۆڕش بەرئەنجامی کێشمەکێشێکی کۆنینەی ناویەکێتی خۆی بوو, پەیوەندی بە خودی کێشەکانی ئەوکاتەی ناو سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتیەوە هەبوو, درێژ بووەوەی کێشەو ململانێکانی سەردەمی شەهید ئارام بوو لەگەڵ باڵەکانی تری ناو یەکێتی, لەئاکامیشدا بووە کێشمەکێشی ناوخۆی کۆمەڵە هەر بۆیە دەتوانین بلێن جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش بەشێوەیەك لەشێوەکان جیابوونەوەی خەتی چەپی ناوکۆمەڵە بوو لە یەکێتی و بەشوێن ئەوەوە بوو کە لە ئاکامدا کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەژێر رکێفی کاك نەوشیروان و ئەوباڵەی تردا دەرهێنێت کە دەیانویست لەناو یەکێتیدا بمێننەوە, چونکە لایان وابوو ئەوان بەوەفا نین بە خەت و بەرنامەیەك کە کۆمەڵەی لەسەر دروستکرابوو, بۆیە مانەوایان لەناو یەکێتیدا دەبێتە مایەی دورکەوتنەوەیان لەخەباتی دژی چەوسانەوەی چینایەتی ولەبیرکردنی توێژی رەنجدەران و دروستکردنەوەو کۆپی کردنەوەی هەمان شێوازی حیزبایەتی تەقلیدی, هەربۆیە باڵی ئاڵای شۆڕش دەیویست وەك لایەنێکی چەپ ومارکسیستی واتە وەك جیابوونەوەیەکی فکری لەگەڵ یەکێتی خۆی ڕاگەیەنێت و سەربەخۆ کاری سیاسی خۆی بکات, بەعەمەلیش کاری بۆ ئەوەکردو هەموو ئەوانەی لەخۆ کۆکردەوە کە ناڕازی بوون بە هەلومەرجی بەرێوە چوون و سەرکردایەتی ئەوکاتەی یەکێتی و کۆمەڵە, بەڵام بەهۆی پاڵەپەستۆی یەکێتیەوە بەهۆی ئەو گورزە سەربازیەی کەبەریکەوت نەیتوانی بە قۆناغی ئاسایی خۆیدا تێپەڕێت, هەبۆیە لەئاکامیشدا واکەوتەوە کە خەتی فکریەکەی زۆر ڕۆشن و دیار نەبێ و تێکەڵەیەك بێ لە چەپی جۆراو جۆرو چەند مەیلی کە ئەو گرفتە تا دواهەناسەی ڕێکخراوەکەش مایەوەو نەتوانرا ساخبوونەوەی سیاسی و فکری خۆیان بە شێوەیەك داڕێژن و ڕاگەیەنن کە هەموو بەشداربووان بەقەناعەتەوە لەژێر چەتری خۆیدا کۆکاتەوە.

ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێم ئەگەر ئاڵای شۆڕش نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنی و شکستی خواردو پوکایەوە, بەڵام لەهەمانکاتدا بووە بەشێك لەمێژووی سیاسی یەکێتی و ئەزموونێکی زۆری لەناو کادرەکانیدا بەجێهێشت, ئەزمونێك کەنیشانی دا مەرج نییە ئەوەی کە لەساتەوەختێکدا لەیەکێتی و حیزبی دایك زیزەو دوورە تاسەر ئەو دورییە بپارێزێت ونەگەرێتەوە ناو یەکێتی! چونکە ئەوکاتە ئەگەر کاك بەختیار سەرکردایەتی باڵی جیاخوازی و چاکسازی دەکرد لەناو یەکێتیدا و کاك نەوشیروان یش سەرکردایەتی باڵەکەی تری دەکردو بەهەموو شێوەیەك دژی ئەو جیاخوازی و ریفۆرمە وەستابوو , ئەوا ئێستا ڕووداوەکان پێچەوانەکەی وەرگرتووەو کاك نەوشیروان سەرکردایەتی باڵی ڕیفۆرم وجیاخوازی دەکات و کاك بەختیاریش لەلاکەی ترە, بۆیە هیوادارم ئەوەی کە کاتی خۆی باڵی کاك نەوشیروان و یەکێتی بەناوی پاراستنی یەکڕیزی یەکێتییەوە بە ئاڵای شۆڕش و کادرەکانی ئاڵای شۆڕشیان کرد ئەمجارە کاك بەختیارو باڵەکەی تری ناو یەکێتی بە هەمان بەهانەوە بە گروپی ڕیفورمیستەکانی کاك نەوشیروانی نەکەن , چونکە ناکرێت لەبیرمان بچێت کە ڕەنگە ئەوەی بۆ ئەوسا شیاودەستیدا وتێپەڕبوو, مەرج نیە بۆ ئێستاش گونجاوبێت و بەسانایی تێپەڕێت, هەروەها دەبێت هەموو ئەوە بزانین کە ئەوسا ئەوسابوو, ئێستاش ئێستایە.